پێنج شت لە فیترەتەوەیە

لە ئەبی هوڕەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «پێنج شت لە فیترەتەوەیە (فیترەت: واتا کردەوە سروشتیە پاکەکان کە خۆشەویستن لای مرۆڤی باوەڕدار): خەتەنەکردن، و لابردنی موی دامێن، وکورتکردنەوەی سمێڵ، وپرینی نینۆکەکان، ولابردنی مووی بن باڵ».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري ومسلم) هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتە پێنج کردەوە لە ئاینی ئیسلامە وسونەتی پێغەمبەرانە: یەکەم: خەتەنەکردن، بریتیە لەبڕینی پێستی زیادە لەسەر چووکی نێر، وبڕینی پێستی زیادەیە لەسەرەوەی ئەندامی مێینە ؛ لەبەشی سەرەوەی میتکە. دووەم: لابردنی موی دامێن سێیەم: کورتکرنەوە وبڕینی سمێڵ، بریتیە لە کورتکردنەوەی ئەو مووەی بەشی سەرەوەی لێوی پیاو دادەپۆشیت ؛ کورتکردنەوەی بەشێوەیەك لێو دەربکەوێت. چوارەم: بڕین وکورتکرنەوەی نینۆکەکان. پێنجەم: لابردنی مووی بن باڵ.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/3144